www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:31 26-2-2007

## بەرهەم ساڵح بۆ دژایەتیکردنی هەولێر لە عەرەبان عەرەبتر دەرچووا!! ... هەڵۆ کوێستانی

بەشی یەکەم

بەرهەم سالح ناوێکی لە مێژینە نییە، لە نێو گۆڕەپانی سیاسیدا، بە حوکمی خزم خزمێنەی لەگەڵ هێرۆ خان و مام جەلال دا، نێردرایە ئەمریکا، وەك نوێنەری (ی. ن. ك)، تا چاوی بکرێتەوەو فێرە سیاسەت ببیو، لەگەڵ ئەمریکییەکانیش خۆی بگونجێنی، سەرباری ئەوەش لە نێو ئەم هەموو ململانێیە ناوخۆییەی یەکێتی دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەوکات نەیدەتوانی بەرەنگاری کۆسرەت یا نەوشێروان تەنانەت مەلابەختیاریش ببێتەوە، ئیتر ئەم چوونە ئەمریکایەی بۆ بەرهەم سالح بوو بە لوقمێکی هەنگوینی و دەستی لەگەڵ زۆر شت تێکەڵ کرد، کە دوور بوون لە هەموو کارێکی نیشتمانی، بەڵام ئەم دەست تێکەڵکردنەی بەرهەم هەروا لە خۆیەوە نەهاتبوو، بەڵکو لەوکاتەوە بوو کە خەڵکی تێکۆشەر لە چیا بوون، ئەویش لە باوەشی بەعس دا بوو، واتە بەرهەم نە ئیمڕۆو نە دوێنێی نەیتوانیوە مێژوویەکی نیشتمانی بۆ خۆی پێکەوەبنێ، تەنانەت چوونی بۆ ئەمریکاش لەبەر خزم خزمێنەی بوو لەگەڵ هێرۆ و مام جەلال، دیارە بۆیە لە سەرکردایەتی کەسێك نەبوو بڵی لە نێو ئەم هەموو خەڵکە تێکۆشەرەی یەکێتی، بەرهەمێکی نانیشتمانی و کۆنە بەعسی دەکەن بە نوێنەری یەکێتی کە لە هەموو ژیانیدا، قسەیەکی خێری بۆ یەکێتی نەکردووە، ئیتر کاتێك هاتەوە کوردستان، باڵەکانی ناو یەکێتی زۆر پێك ناکۆك بوون، هیچ باڵێك ئەوی تری نەدەخوێندەوە، بۆیە مامجەلال و هێرۆخان خشکەیەکیان بە بەرهەم کردوو لە لایەك کردیان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە لایەکی تریشەوە کردیان بە سەرۆکی ئیدارەی یەکێتی لە سلێمانی، کە هەندێك جار دڵی خۆیان پێ خۆش دەکرد، دەیانوت حکومەتی سلێمانی، ئیتر بۆ ئەوەی بەرهەم سەربکەوێت، هەموو ئیمکانیاتێکیان خستە ژێردەستی، بەڵام هەر سەرنەکەوت، چونکە بەرهەم جیا لەوەی ئەزموونی نەبوو، زۆر حەزی لە پارە بوو، هەروەها گیانی نیشتمانپەروەریش لە ناخیدا نەچێنراوە، ئەمانە وایان لە بەرهەم کرد، لە یەك کاتدا کە بەناو سەرۆکی حکومەتی سلێمانی بوو، کەچی ڕووی کردە بەغداو لەوێ خەریکی پارە کۆکردنەوە بوو، واتە حکومەتی سلێمانی ماوەیەك بێ سەرۆك بوو چونکە بەرهەم چاوی بڕیبووە ئەو لوقمە هەنگوینییەی کە لە بەغدا بوو، ئەو دەیزانی قارەی بەغدا زیاترە، ئەو دەیزانی بواری بازرگانی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کۆمپانیا عەرەبی و بیانییەکان لە بەغدا زیاترە، بۆیە مانگی جارێك نەدەهاتەوە سلێمانی و هەموو کارەکانی حکومەتیش چەقیبوون، تا ئەوە بوو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان نەك لەبەر بەرژەوەندی خەڵك حکومەتی کوردستان یەکی گرتەوەو ئیتر بەرهەم ئیسترāحەتی کرد و لە بەغدا گیرسایەوەو ڕۆژانە بە حوکمی وەزیفییەکەی دەیان کۆمپانیای زل و زەبەلاح دەبینی، بۆ دەست خستنە ناویان و ئیمڕۆ بەرهەم لە دەیان کۆمپانیای عەرەبی و غەیرە عەرەبی بەشی هەیەو، لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین بەرهەم ئێستا دەوڵەمەندترین کەسی ناو یەکێتییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.